# ئایا دروستە ئیجتهاد کردن لەو  کاروبارانەی کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا زانینیان پێویست کراوە ؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ عبد العزیز بن باز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# هل يصح الاجتهاد في الأمور المعلومة من الدين بالضرورة؟

« باللغة الكردية »


الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# ئايا دروسته ئيجتهاد كردن لەو كاروبارانەی كە لە ئاينی پيرۆزی ئيسلامدا زانينيان پێويست كراوە ؟

ئەم پرسيارە ئاراستەی شێخ عبد العزيز بن باز كراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

**پرسيار:** هەندێك لە قوتابيانی زانستە شەرعيەكان ئيجتهادەكانيان دەگاتە ڕادەيەك پێچەوانەی ئەو كاوربارانە بێت كە زانينيان پێويست كراوە لە ديندا، ئايا ئەو كاروبارانەی كە زانينيان پێويست كراوە لەديندا جێگای ئەوەيە كە مرۆڤ ئيجتهاديان تێدا بكات و لێيان بكۆڵێتەوە ؟ ڕا و ئامۆژگاری بەڕێزتانمان دەوێت لەم بارەيەوە .

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە وميهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەيت ويار وياوەرانی هەتا هەتايە

.

هەر شتێك، و هەر كارێك بە بەڵگە و دەلیلی شەرعی صەریحی پێ پێچ و پەنا لە قورئان، و سوننەت، و كۆدەنگی زانایانی پێشینی ئومەتی ئیسلام زانرا بێت، بەهیچ شێوەیەك دروست نییە مرۆڤ ئیجتهادی تێدا بكات، بەڵكو زانایان كۆدەنگیشن لسەر ئەوەی واجبە باوەڕ و ئیمانت پێی هەبێت و كاریشی پێ بكەیت، و هەر شتێكیش پێچەوانەی ئەوە بێت وازی لێ بهێنیت و نزیكی نەكەویتەوە، ئەوەشی زانراوە سەبارەت بەم بنەما گەورەیە هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوان زانایاندا، بەڵكو ئیجتهاد و لێكۆڵینەوە لەو بابەتانەدا دەكرێت كە جێگای خیلاف و ڕاجیاوازی نێوان زانایانن و بەڵگەكانیان لە قورئان و سوننەت ڕوون و ئاشكرا نین، جا هەركەسێك لە زانایان ئیجتهاد لەوەها بابەتێكدا بكات ئەگەر هاتوو ئیجتهادەكەی ئیجتهادێكی تەواو و دروست بوو لە ڕووی پێكانیەوە، ئەوە دوو ئەجر و پاداشتی بۆ هەیە، خۆ ئەگەر هاتوو ئیجتهادەكەی هەڵە بوو وە نەیپێكا، ئەوە لای خوای گەورە هەر ئەجرێكی بۆ هەیە، بەڵام بەو مەرجە ئەو كەسەی

ئیجتهادەکە دەکات ئەهلی عیلم و ئەهلی ئیجتهاد بێت، و وڕاستگۆ و دڵسۆرز و وموخلیص بێت بۆ خوای گەورە و خۆی ماندوو کردبێت لە پێناو گەیشتن بە راستیەکان، ئەوەشی ووتمان بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، عن عمرو بن العاص رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: « إذا حكم الحاكم فاجتهد فأصاب فله أجران وإذا حكم فاجتهد فأخطأ فله أجر » واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : هەرکاتێك حاکمێکی موسڵمان لە مەسئەلەیەکدا ئیجتهادی کرد و پێکای ئەوە لای خوای گەورە دوو پاداشتی هەیە، خۆ ئەگەر ئیجتهادی کرد و هەڵەی کرد و نەیپێکا ئەوە پاداشتێکی هەر بۆ هەیە ...

خوای گەورە زاناترە .

سەرچاوە : مجموع فتاوى ومقالات متنوعة بەرگی حەوتەم ..